سودانی ڕێنوێنی ڕەوانەکردنی پڕۆژەی هێڵی ئاسنینی کەربەلا – نەجەف بۆ دەستەی وەبەرهێنان دەدات

ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئاراستەی ڕەوانەکردنی پڕۆژەی هێڵی ئاسنی کەربەلا- نەجەفی بۆ دەستەی وەبەرهێنان کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی موتەڵع کەوتووە، دەڵێت: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد بۆ بەدواداچوونی پڕۆژەی هێڵی ئاسنین کە شارەکانی کەربەلای پیرۆز و نەجەفی ئەشرەف بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لە کۆبوونەوەکەدا وەزیری گواستنەوە و بریکاری وەزیری دارایی و ژمارەیەك ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان ئامادەی بوون.

لە میانەی کۆبوونەوەکەدا سودانی ئاماژەی کرد: بە گرنگی ئەم پڕۆژە گرنگە بۆ دەوڵەت و هاووڵاتیان ، بەڵام بەداخەوە بە شێوەیەکی بەرچاو دواکەوتووە. جەختیشیکردەوە: لە سەر پێویستی کارکردن بۆ تێپەڕاندنی هەر ئاستەنگێکی بیرۆکراتی کە ڕێگری لە تەواوکردنی دەکات، هەروەها پڕۆژە گرنگەکانی دیکە کە خزمەتگوزاری کاریگەر پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکەن و ئاسانکاری بۆ هاتووچۆ لە نێوان شارە پیرۆزەکان دەکات، هەروەها ئاسانکرای بۆ زیارەتی ملیۆنی.

سەرۆك وەزیران ڕونیشیکردەوە: پڕۆژەکە بەشێکە لە پێداویستییە خزمەتگوزارییەکان لە شارە پیرۆزەکان

و بەشدار دەبێت لە هاندانی چالاکییەکانی کەرتی تایبەت و زیادکردنی کارایی گواستنەوەی هێڵی ئاسن. هەروەها ڕێنماییشی کرد کە پرۆژەکە ڕەوانەی دەستەی نیشتمانی وەبەرهێنان بکرێت و هەموارەکانیش بخرێنە ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسەندکردنی.